https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.13

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پێوانی خەمۆکی لای ئافرەتانی کوردستان (توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ)

م. ی. پاکستان فائق محمدامین
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
pakstan.mohamedamin@soran.edu.iq

م. د. آراز حکیم رضا
زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر
araz.radha@su.edu.krd

م. عبدالفتاح حسن فتاح
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
abdulfatah.fatah@soran.edu.iq

م. کاروان کاکەبرا کاکەمند
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
karwan.kakamad@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵـی تـاوتوێکردنی خـەمۆکی دەدات لـە لای ئـەو ئافرەتانـەی کە منداڵیان لـەبارچووە یاخود منداڵیان لـەبارخۆیان بردووە. لەم توێژینەوەیەدا توێژەران میتۆدی وەسفیی چەندێتییان بەکارهێناوە و نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردراوە کە بـریتین (٧٠) ئـافرەت. تـوێژەران پێـوەرێکی تایبـەت بـە خـەمۆکییان ئامـادەکردوە و تـەواوی تایبەتمەندییـە سـایکۆمەترییەکانی تایبـەت بـە پێـوەری زانسـتییان بـۆ ئەنجامـداوە. بـۆ چارەسـەرکردنی ئەنجامـەکانی توێژینەوەکـــە، تـــوێژەران بەرنـــامەی (SPSS) یـــان بەکارهێنـــاوە. دەرئەنجامـەکانی توێژینەوەکـە ئـەوە نیشـان دەدات کـە، هەریـەکە لـە حاڵەتـەکانی لـەبارچوون و لـەباربردنی منداڵ هۆکـارن بـۆ دروسـتبوونی خەمۆکی لای نموونـەی توێژینەوەکە. ئاستی خـەمۆکی لای ئـەو ئافرەتانـە زیـاترە کـە منـداڵیان لـەبارچووە بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانـەی کـە منداڵیان لـەبارخۆیان بردووە. ئاستی خـەمۆکی لای ئـەو ئافرەتانـەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠) ساڵدایە کەمترە لەو ئافرەتانـەی کە تەمـەنیان لـە (٣٠) سـاڵ بەرەو سـەرەوەیە. تا مێژووی لەبارچوون یان لـەباربردن نزیکتر بێت ئاستی خەمۆکی زیاتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوارن لە سەرجەم ئاستەکانی تر بـەرزترە. لەبـەر ڕۆشـنایی ئەنجامـەکانی توێژینەوەکـە تـوێژەران چەنـد ڕاسپاردە و پێشنیازێکیان خستۆتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** خەمۆکی، لەبارچوون، لەباربردن.

## پێوانی خەمۆکی لای ئافرەتانی کوردستان (توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ)

**پێشەکی:**

پرۆسەی لەبارچوون یان لەباربردن ( Abortion and Miscarriage) بابەتێکی جیهانییە و مشتومڕێکی گەرمی لەسەرە، ئەمەش لەبەر بەرزبوونەوەی بەردەوامیی ڕێژەکەی. پرۆسەکە خۆی لەخۆیدا گرفتێکی گەورەیە و ڕۆژانە چەندبارە دەبێتەوە و بە یەکێک لەو دیاردە مەترسیدارانە هەژمار دەکرێت کە کۆمەڵگا پێوەی دەناڵێنێت، بە تایبەتیش ڕەگەزی مێینە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە لەناکاوە جەستەیی و فسیۆلۆژییانەیە ( physical and physiological change) کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، سەرەڕای دروستبوونی چەندین گرفت و نادروستی دەروونی و عەقڵیی تر، بەڵام ئەو گرفت و کێشە دەروونیانە بە پێی تەمەن گۆڕانکاریان بەسەردادێت ( Pedersen, 2008, p.427).

هەروەک پزیشکانی کۆلێژی پاشایەتی ( Royal College of Physicians) لە لەندەن هۆشیاری لەبارەی ئەوەوە دەدەن کە ئەو ئافرەتانەی تووشی لەبارچوون دەبن لە کاتی سکپڕیاندا ڕووبەڕوی مەترسی تووشبوونیان بە شڵەژانی دوای هێدمەی دەروونی ناسراو بە (Post Trauma Stress Disorder) دەبنەوە (PTSD). هەروەها نیشانەکانی شڵەژانی دوای هێدمەی دەروونی لای سێ بەشی ئەو ئافرەتانە دەردەکەوێت کە لە قۆناغەکانی سەرەتای سکپڕییاندا منداڵەکانیان لەباردەچێت. کە ئەم نەخۆشییەش بە یەکێک لە نەخۆشییە دەروونییەکان هەژمار دەکرێت و هۆکارە بۆ تێکدانی تێگەیشتنی کەسەکە لەخۆی و چواردەوری، جگە لە دروستکردنی هەستەکانی بێدەسەڵاتی و پەککەوتەیی لەلایان (BBC, 2014).

هەر لەو بارەیەوە دکتۆرە (جیسیکا فارن برایس)، کە لێکۆڵینەوەیەکی بۆ پێگەی (بی ئێم جی)ی پزیشکی لە بەریتانیا لەسەر (٩٠) ئافرەت ئەنجامدابوو کە لە ئەگەری ڕوودانی منداڵ لەبارچوون و سکپڕبوون لە دەرەوەی منداڵدان دەترسن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەنها ژمارەیەکی کەمیان تووشی شڵەژانی دوای هێدمەی دەروونی بوون، بەڵام زۆرینەیان بەدەست دڵەڕاوکێی ناوەند و تیژەوە دەیان ناڵاند (BBC, 2014).

هەندێک لە پزیشکان و ئافرەتان لەو بڕوایەدان کە دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دوای لەدایکبوونی کۆرپەلە بە سەلامەتی نامێنن. بەڵام توێژینەوەیەک کە لە گۆڤاری (British Journal of Psychiatry) بڵاوکراوەتەوە ئەوە دەردەخات کە هەستکردن بە ترس و خەمۆکیی دوای لەدایکبوون ئەگەری ئەوەی هەیە تا (٣) سێ ساڵ بەردەوام بێت. لەم بوارەشدا توێژەر و پرۆفیسۆر (ایما روبرتسون)، کە پزیشکێکی دەروونییە دەڵێت: ئەو باوەڕەی کە پێیوایە خەمۆکیی دوای لەبارچوون نامێنێت کاتێک دوای لەبارچوونەکە منداڵێک بە سەلامەتی لەدایک دەبێت باوەڕێکی ناڕاستە، بۆیە لەو بڕوایە دایە کە هەستکردن بە ترس و خەمۆکی لە کاتی لەدایکبوونی منداڵدا لای ئەو ئافرەتانەی پێشتر منداڵیان لەبارچووە ڕەنگە بۆ کاتێکی درێژ بەردەوام بێت (webteb,2017 ).

لە توێژینەوەیەکی تردا کە تێیدا (١٣١٣٣) ئافرەتی دووگیان بەشداربوون، بۆ زانینی نیشانە و ئاماژەکانی خەمۆکی لە کاتی دووگیانی و دوای منداڵبوونیان پشکنینیان بۆ دەکرا. نموونەی توێژینەوەکە بەجۆرێک بوو کە (٢١%) یان بەلایەنی کەمەوە جارێک منداڵیان لەبارچووە، (١٠٨) ئافرەتیان منداڵێکی مردوویان بووە پێش پرۆسەی لەبارچوونەکە، هەروەها (٣) ئافرەت دوای لە دایکبوونی دوو منداڵی مردوو. توێژینەوەکە ئەوەی دۆزییەوە کە (١٣%)ی ئەو ئافرەتانەی کە یەکجار منداڵیان لەبارچووە و دواتر منداڵێکیان بە سەرکەوتووی بووە، نیشانە و ئاماژەکانی خەمۆکی نزیکەی (٣) ساڵ لەگەڵیاندا بەردەوام بوو.

هەروەها نزیکەی (١٩%)ی ئەو ئافرەتانەی دووجار تووشی لەبارچوون بوون بەدەست خەمۆکییەوە بۆ ماوەی (٣) ساڵ ناڵاندوویانە. لەلایەکی ترەوە، هەندێک ئافرەت هەبوون کە ترس و خەمۆکییان نەبوو دوای لەبارچوون کە هۆکارەکەی نەزانراوە و ڕەنگە بۆ بەهێزی و توانای بەرگەگرتنی ئەو ئافرەتانە لەلایەک و پاڵپشتی بەهێزی کەسانی چواردەوریان لەلایەکی ترەوە بگەڕێتەوە (webteb, 2017 ).

سەرەڕای ئەوەی گرفتی منداڵ لەباربردن وەک ئەنجامێک بۆ نەویستنی دووگیانی گفتوگۆ و توێژینەوەی زۆری لەبارەوە ئەنجامدراوە، ئەمەش لەبەر تێکەڵبوونی پرۆسەکە بە چەندین هۆکاری ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، مرۆیی و یاسایی. کەواتە لەلایەک دەبێتە هۆی پێشێلکردن و زەوتکردنی مافی کۆرپەلە، لەلایەکی ترەوە کۆتایی هێنانە بە ژیانی کۆرپەلە و کوشتنی مرۆڤێکی بێتاوانە ( Innocent human being) پێش ئەوەی بگاتە کاتی لەدایکبوون. واتە ڕێگریکردن لە کۆرپەلە بۆ ئەوەی وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات. بۆیە ئەم کردارە نامرۆییە ڕێگەپێدراو نییە، و لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییشەوە قەدەغەکراوە (BBC,2014). بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییەش کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی دەریانخستووە کە ئەم حاڵەتە نەک تەنها کاریگەریی نەرێنی لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵکو فاکتەرێکی سەرەکیشە بۆ دروستبوونی هەندێ کێشەی دەروونی درێژخایەن لەسەر دەروونی ئەو ئافرەتەی پرۆسەی لەباربردن (Abortion) ئەنجامدەدات (Major & et al, 2000, p.777).

بەشێوەیەکی گشتی لەبارچوون (Miscarriage) پاش سێ مانگی دووگیانبوون یان لە نێوان هەفتەی (١٤–٢١) ڕوودەدات، ئەگەری زۆری هەیە بەهۆی هەلومەرجی ناتەندروستی ئافرەتەوە بێت ( Abdelazim, et al, 2017, p.21). بە گوێرەی زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر

لــــەبارچوون کـــراون ئامــــاژە بـــۆ ئــــەوە دەکــــەن کــــە (٥٠–٦٠%)ی لەبارچوونـەکان لـە ئـەنجامی تێکچـوونی کرۆمۆسـۆمەکان و لـەناوچوونی سپێرم یان هێلکەوەیە (Damaged sperm and damaged egg)، واتە کاتێک خانەکانی کۆرپەلە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش دەبن. یان لەوانەیـە لەبـەر چەنـد هۆکـارێکی تـری وەک بـەکارهێنانی دەرمـان بـەبێ ڕێنمـایی و ڕاوێژکـردن بـە پزیشـک (Using medication)، هێدمـەی دەروونـی (Trauma)، قەڵـەوی یـان کێشـی زیـاد لـە پێویسـت ( Over obesity)، نەخۆشـی گلاندی دەرەقی (Thyroid disease)، زیادبوونی پەستانی خوێن (High blood pleaser)، بـەدخۆراکی (Poor diet)، ژەهراویبوونی خۆراک (Food poisoning)، ڕاهێنانی قورس ( Hard exercises) و بارودۆخی تەندروستی دایک ( Health conditions in the mother)ەوە بێـت. بـەجۆرێک ئـەم فاکتەرانــە دەبنــە هۆکــاری ڕاســتەوخۆی لــەبارچوون. بەڵام بە پـێچەوانەوە، ئەگەر هــاتوو ئــافرەتی دووگیان بە وردی پارێزگاری لە تەندروستی خۆی و کۆرپەکەی بکات لە ڕووی دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست و خواردنی تەندروست، جارجار ئەنجامدانی وەرزش، جگەرەنەکێشان و هتد، دەتوانێت پارێزگاری لە خۆی و کۆرپەکەشی بکات (thisdaylive, 2017).

بە پیچەوانەوە هۆکارەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی لەباربردنی بەویست (Induced abortion) جیاوازترە، کە لەوانەیە بۆ زۆر هۆکاری ناوەکی و دەرەکــی (Internal& External) بگەڕێتــەوە. بــۆ نموونــە ئــەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە لایەنی دەرەکییەوە بریتیین لە گرفتی داهات و بــەخێوکردنی منــداڵ (Finance Problem)، دووگیــانبوونی ئــافرەت بـــەهۆی دەســـتدرێژیی سێکســـی (Sexual abuse)، بارودۆخـــە کۆمەڵایەتییــەکان (Social Circumstances) یــاخود دووگیــانبوونی نەخوازراو یان نەویستراو (unwanted pregnancy) (BBC, 2014).

لێرەدا پێویستە سەرنج بخەینە سەر ڕۆڵ و کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانە نادروست و بێ پلانەکەی لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەسەر دووگیانبوونی ئافرەت لە تەمەنی هەرزەکارییدا پێش چوونە ژیانی هەوسەرگیرییەوە، کە لە ئێستادا بە یەکێک لە حاڵەتە دیار و بەرچاوەکانی لەباربردنی منداڵ دادەنرێت. بۆ نموونە لەم دە ساڵەی دواییدا بەهۆی ئەو گەشەسەندنە بەرچاوەی تەکنەلۆژیا بەخۆیەوە بینیوە بە تایبەتی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا (Social Media) کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ڕێگەی تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی دەوروبەرەوە ( Observational Learning) فێردەبن، بە جۆرێک وایکردووە کۆنترلکردنی نەوەکان لە خراپ بەکارهێنانیان زەحمەت و بگرە ئەستەمیش بێت. تیۆرەکەی زانای دەروونزان (ئەلبێرت باندۆرا) لە ساڵی (١٩٧٧) ئەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە ڕێگەی تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی دەوروبەرەوە فێردەبێت و بە ئەنجامدانیان هەڵدەستێت و دووبارەیان دەکاتەوە (Bandura, 1977, p.192). کەواتە بەکارهینانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تێبینیکردن و لاساییکردنەوەی ڕەفتاری ئەوانی تری وەک (پەیوەندییە سۆزدارییەکان) تاڕادەیەک پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی تاک بە هەردوو ڕەگەزەوە بەبێ هۆشیاری وئاگاییەکەی تەواوەوە پێوەی گرفتار و ئالوودەبن. چونکە زۆرجار خۆپاراستن و لاسایی نەکردنەوە لەوانەیە تووشی گرێی دەروونی یان هەستکردن بە کەمیان بۆ دروست بکات، بۆ نەهێشتنی ئەم هەستەش پەنا بۆ پڕکردنەوە و تێرکردنی ڕەمەکی سێکسی ببەن. کە بێگومان ئەمەش زۆرجاران دووگیانبوونی نەخوازراوی بەدوادا دێت و دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندین ئاریشەی جیاواز بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگا. ئەمە جگە لە کاریگەری ژینگە وگۆڕانکارییە ژینگەییەکان و پیسبوونی ژینگە.

بەڵام ئەو هۆکارانەی پەیوەندیان بە لایەنی ناوەوە هەیە بریتیین لە لەباربردنی کۆرپەلە کاتێک کۆرپەلەکە ناتەندروست بوو جا بەهۆی تێکچوونی بۆماوە (Genetic Abnormalities) یان داون سیندرۆم (Dawn syndrome)ەوە بێت، کە تێیدا منداڵ تووشی هەندێ گۆڕانکاری نائاسایی دەبێت (Reingold & Gostin, 2018, p.1). یاخود ئەو کاتانەی ژیانی دایکەکە لە مەترسیدا بێت. کە کەم حاڵەتانەدا لە ڕووی یاسایی و پزیشکیشەوە پرۆسەی لاباربردن ڕێگەپێدراوە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەگەر بێت و بەراوردێک بکەین لە نێوان کوردستان و وڵاتە ئەوروپییەکان لەسەر پرۆسەی لەباربردن بەو فاکتەرانەی پاڵنەرن بۆ ئەوەی پرۆسەکە جێبەجێ بکرێت، ئەوا تا ڕادەیەک ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا لەو نێوەندەدا هاوبەشن. جگە لە چەند حاڵەتێک نەبێت کە لە کوردستان جیاوازە، بۆ نموونە کاتێک باوک ئارەزووی ئەوە بکات منداڵەکەی کوڕ بێت، بەڵام لە ڕاستیدا کچە، ئەوا ئافرەت لە ترسی پاراستنی گیان و ژیانی خێزانی خۆی وخۆڕزگارکردن لە قسەپێوتن و تانەوتەشەری ئەوانی تر، بیر لە پرۆسەی لەباربردن دەکاتەوە. یان لە کاتێکدا کە ئەگەری ئەوە هەبێت ئافرەتەکە تووشی دەستدریژی سێکسی بووبێتەوە پێش ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدابێت، کە ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی ڕاستەوخۆ وخێرا بۆ ئەوەی کۆرپەلەکەی بە زووترین کات لەبار خۆی ببات و هەموو هەوڵێکیش دەدرێت بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە نهێنی بمێنێتەوە تا ژیانی داهاتووی نەشێوێت. ئەمەش لەلایەک بۆ کاریگەری دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و لەلایەکی تریشەوە بۆ تیڕوانینی ئایینی دەگەڕیتەوە کە ئەم حاڵەتە بە زینا دادەنرێت و بەهیچ جۆرێک ڕێگە پێدراو نییە. سەرەڕای ئەمانە هەندێکجاری تر ئافرەت پەنا بۆ لەباربردنی منداڵەکەی دەبات بەهۆی ئالوودەبوونی هاوسەرەکەی بە مادده کهولی یان هۆشبەرەکان.

پێش ئەوەی باس لە کاریگەرییەکانی دوای پرۆسەی لەبارچوون یان لەباربردن بکرێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ماوەی دووگیانبوون خۆی لە خۆیدا بریتییە لە شڵەژانی هەندێ لایەنی دەروونی. بەو واتایەی ماوەی دووگیانی و تێکچوونە دەروونییەکان فاکتەرن بۆ ئەوەی پرۆسەی لەبارچوون یان لەباربردن ڕووبدات. کەواتە بەردەوامبوونی کاریگەرییە نەرێنییەکان پرۆسەکە بۆ چەند جارێک دووبارە دەکاتەوە، بەو پێیەی پەیوەندی نێوان نادروستی دەروونی و لەبارچوون پەیوەندییەکی بەهێز و دوولایەنەیە.

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەک کە ( Fisher et al, 2009, p.199) ئەنجامیانداوە تەرکیزیان کردۆتە سەر تەندروستی عەقڵی وەک دەرئەنجامێک بۆ منداڵ لەباربردن یان ئەگەری ئەنجامدانی تاوانی خۆکوشتن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئافرەت دووچاری کۆمەڵێک لە ئەزموون دەبێت کە کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی جەستەیی و دەروونی و سۆزداری دەکات لە ماوەی ساڵەکانی (دووگیانی، منداڵبوون، لەبارچوون، لەباربردن)، کە هەموو ئەمانە پەیوەستن بە بارودۆخی ژیان و بەپێی ئەو بارودۆخە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، خەمۆکیش لەباوترین گرفتی عەقڵییە کە (٥–٩%)ی ئافرەتانی ئەمریکا تووشدەبێت ( Bologna, 2013, P.1). بە هەمان شێوە لەباربردن و تووشبوون بە هەندێ نەخۆشی دەروونی پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەیە ( Ney et al, 1994, p.1194).

لەو شیکردنەوانەی کە لە توێژینەوەکانی ڕابردوودا کرابوون بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو ئەوەیان دەرخستووە کە نەخۆشی دەروونی و عەقڵی جۆراوجۆر و درێژخایەن لە ئەنجامی پرۆسەی لەبارچوون و لەباربردنەوە دووچاری ئافرەت دەبنەوە. کەواتە بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی پێشتر ئەنجامدراون ئەو ئافرەتانەی منداڵیان لەباردەچێت یاخود هەڵدەستن بە لەباربردنی منداڵەکانیان تووشی چەندین

گرفت و شڵەژان و نەخۆشی دەروونی وەک (پەشیمانی، هەستکردن بە تاوان، تێکچوونی تەندروستی دەروونی و عەقڵی، گریان و پێکەنینی زۆر و نائاسایی، سەرزەنشتکردنی خود و گرنگی نەدان پێی و هتد) دەبن (Fergusson, 2008, p.445).

ئەمە جگە لە هەستکردنی ئافرەت بەوەی کە ڕووبەڕوی کێشەیەک بۆتەوە و نەیتوانیوە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، لە دەرئەنجامیشدا تووشی چەندین گرفتی دەروونی و عەقڵی دەبێتەوە. بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ڕاستییە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ئەم بوارە ئاماژە بۆ بوونی لینکێکی تاڕادەیەک بەهێز لە نێوان دووگیانی نەخوازراو و گرفتی دەروونی و عەقڵی دەکەن (Cougle et al, 2003, p.146)، کە ئەوانیش بریتیین لە بوونی هەندێک ڕەفتاری نائاسایی وەک: بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان (Substance abuse)، دڵەڕاوکێ (Anxiety)، شەڕانگێزی و توندوتیژی (Hostility)، هەستی خۆبەکەم زانین ( Low self esteem)، خەمۆکی (Depression) و شڵەژانی دوو جەمسەری (Bipolar disorder) (Warren et al, 2010, p.230).

بە پێچەوانەوە ئەنجامی هەندێ توێژینەوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندی نێوان لەباربردن و نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان پەیوەندییەکی لاوازە (Gissler et al, 1996, P.1432) ( Fergusson et al, 2013, p.824). بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەردەست نییە ئاماژە بەوە بکات کە لەباربردن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان تەنانەت ئەگەر ڕێژەکە کەمیش بێت ئەوە مانای ئەوە نییە شوێنکاری خراپ بەجێناهێڵێت، بەڵکو گرفت و تێکچوونە دەروونی و عەقڵییەکان لە ژێر کاریگەریەکانیدا زیاتر گەشە دەکات (Mental Health problem) (Bologna, 2013, p.1).

هەروەها ئەو ئافرەتانەی بە ویست و ئارەزووی خۆیان ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەن (Elective abortion) بە هەمان شێوە تووشی وەڕسی و فشاری دەروونی (psychological distress) دەبن کە نیشانە و ئاماژەکانی لە تێکچوونی دوای هێدمەی دەروونی ( post-traumatic stress disorder) و تێکچوونە هەڵچوونی و سۆزدارییەکانەوە نزیکە، کە ڕاستەوخۆ دەرناکەون، بەڵکو پاش چەند مانگ یان ساڵێک نیشانەکانی بەدیار دەکەون (Fergusson, 2008, p.445) کەواتە ئەو تێکچوونانەی کە باسکران لە ماوەی تەمەنی نێوان (١٥–١٨)، (١٨–٢١)، (٢١–٢٥)، (٢٥–٣٠) تووشی ئافرەت دەبێت، بە تایبەتیش خەمۆکی توند، فۆبیای کۆمەڵایەتی، ترس لە شوێنە گشتییەکان، پشتبەستن بە خواردنەوە کهولییەکان و پەنابردنی لەڕادەبەدەر بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

بەهەمان شێوە (Coleman, 2011, p.180-181) لە توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوت کە لەباربردنی منداڵ پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕێژەیەکی بەرز لەگەڵ هەندێ کێشەی دەماغدا هەیە. لە لایەکی ترەوە دەرئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی کە سەنتەری پاڵپشتی نیشتیمانی بۆ دروستی دەروونی ( National collaborating center for mental health) لەم بارەوە ئەنجامی دابوو، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی بوونی گرفت لە دروستی عەقڵی لای ئەو خانمانەی کە ئارەزووی دووگیانبوونیان هەیە هەمان ئەو ڕێژەیەیە کە منداڵیان دەبێت یان لەباریان دەچێت (Fergusson et al, 2006, p.17). لەناو ئەو ئافرەتانەشدا بەتایبەتی ئەوانەی کە تەمەنیان لەخوار یان لەسەروی (٢١) ساڵیدان. بەڵام (Broen et al, 2005, p.2) لەو بڕوایەدابوون ئەو ئافرەتانەی بەبێ ویستی خۆیان منداڵیان لەباردەچێت (لەبارچوون) بەشێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ دوای لەبارچوونەکە تووشی هەندێ گرفت و نەخۆشی دەروونی دەبنەوە، لە هەمان کاتیشدا بە ماوەیەکی کاتی کەم دوای وەرگرتنی هەندێ ڕێنمایی و چارەسەری دەروونی ئەگەری ئەوە هەیە کە

بارودۆخیان بەرەو باشتر بچێت. ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی بە ئارەزووی خۆیان منداڵ لە باردەبەن (لەباربردن) کە دوای پرۆسەکە لەوانەیە ڕاستەوخۆ تووشی گرفتی دەروونی و عەقڵی نەبنەوە، بەڵکو پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک هەست بە بوونی هەندێ گرفتی دەروونی و عەقڵی درێژخایەن دەکەن، کە ئەویش کاتێکی زۆر دەخایەنێت بۆ چارەسەرکردن. هەندێ جاریش چارەسەر ناکرێت وئافرەتەکە لەبەر هەستکردنی بەردەوامی بەوەی کە تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە بەرگەی ناگرێت و لەوانەیە لە هەندێ باردا پەنا بۆ خۆکوشتن ببات. بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنی هەرزەکاری ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن لەوانەیە ڕاستەوخۆ دوای پرۆسەکە هەست بەبوونی گرفتی وەک تووشبوون بە خەمۆکی و خۆبەکەمزانین نەکەن، تەنانەت هەندێجار ئەم هەستکردنە (٥) ساڵ دوای لەباربردن دەخایەنێت ( Warren et al, 2010, p.230-234). تا ڕادەیەکی زۆر دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٨) ساڵ بەسەر لەباربردنی یەکەم، بەشێوەیەکی بەرچاو و بەهێز ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکیان هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە حاڵەتی لە باربردنیان تۆمار نەکردووە، هەروەها لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ئافرەتانەی کە پرۆسەکەیان ئەنجامداوە (٢) هەفتە تاکو (٦–٨) مانگ پاش لەباربردن بە ڕێژەیەکی بەرز توشی پەشیمانی دەبنەوە ( Cougle et al, 2003, p.158).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوە زانستییەکانی تر کاریگەری لەباربردن لەسەر دروستبوونی خەمۆکییان شیکردۆتەوە (Ress and Sabig, 2007, p.431). لە هەمان کاتدا ( Cougle and Reardon, 2002) ئەوەیان دەرخست کەوا ئەو ئافرەتانەی یەکەم دووگیانبوونیان بە لەباربردن کۆتایی دەهێنن ئەوا ئامادەیی تووشبوون بە خەمۆکیان تیدایە (Schmige & Russo,2005, p.3)، بە پێچەوانەی ئەوانەی هەوڵ دەدەن پارێزگاری لە کۆرپەلەکانیان بکەن بۆ مانەوە لە

ژیان. بە هەمان شێوە یەکێک لە گرنگترین ئەو شیکردنەوانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٣) لە لایەن (Cougle et al, 2003, p.159-163) کرا ئەوەیان دۆزییەوە کە ئەو ئافرەتانەی بە ویستی خۆیان منداڵ لەبارخۆیان دەبەن لە (٦٥%)یان بە ڕێژەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو تووشی خەمۆکی (Depression) دەبن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە منداڵیان دەبێت. هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٥) توێژینەوەیەک ئەنجامدرا لەلایەن ( Broen et al, 2005, p.2-12) لەسەر بەشداربووەکانیان بۆیان دەرکەوت ئەو حاڵەتانەی لای ئەو ئافرەتانەی کە بە شێوەیەکی نامەبەست یان لەناکاو و بەبێ ویستی خۆیان تووشی لەبارچوون دەبن بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر دووچاری کێشەی دەماغی دەبن کە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ بۆ(٦) مانگ دوای نەمانی دووگیانی ئەگەری تووشبوون بە خەمۆیان لا دەردەکەوێت.

لە ڕوانگەی بڵاوبوونەوە و زیادکردنی حاڵەتەکانی لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ لای ئافرەتانی کوردستان، بە تایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا، کە لە حاڵەت دەرچووە و بووە بە دیاردەیەکی باو و بڵاو. هەروەها ئەو دەرئەنجامە مەترسیدار و نەرێنییانەی توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژەی پێدەکەن، بەجۆرێک کە سەرچاوەی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاک و خێزان و کۆمەڵگاشە. ئەمە جگە لە نەبوون یاخود دەگمەنی لێکۆڵینەوەی پێویست و تایبەت بەم بوارە. وایکرد توێژەران بیر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستییە بکەنەوە و بەشێک لە لایەنە شاراوە و نادیار و مەترسیدارەکەی دەربخەن و ئەم توێژینەوەیە ببێت بە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگی ئەم بوارە هەستیارەی کە بە تاک بە تاکی کۆمەڵگاوە پەیوەستە. بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیاندا دەیانەوێت بەم ئامانجانەی خوارەوە بگەن:

١. زانینی ئاستی خەمۆکی لای ئافرەتانی منداڵ لەبارچوو و لەباربردوو بەشێوەیەکی گشتی.

٢. بەراوردکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە لە نێوان لەبارچوون و لەباربردندا.

٣. زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی تەمەن (١٨–٣٠ ، ٣٠ بەسەرەوە).

٤. زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی مێژووی لەبارچوون (ساڵێک و کەمتر، دوو ساڵ، سێ ساڵ و زیاتر).

٥. زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا).

**میتۆدی توێژیەنەوەکە و لایەنە کردارییەکانی:**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی چەندێتی شیکارییە کە بە شێوەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی جێبەجێکراوە.

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لەو ئافرەتانەی کە بەبێ ویستی خۆیان منداڵیان لەبارچووە، هەروەها ئەو ئافرەتانەش کە بە ویستی خۆیان و بە فاکتەری جۆراوجۆر منداڵیان لەبار خۆیان بردووە لە سنووری پارێزگای هەولێر، کە بەهۆی بەردەست نەبوونی ئامار لە تەواوی دامەزراوە پەیوەستەکان بە حاڵەتەکە لەلایەک و هەستیاری زانیارییەکانی پەیوەست بە حاڵەتەکە لەلایەکی تر، توێژەران نەیانتوانی ژمارە و کۆی گشتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان دیاری بکەن.

**سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە:**

نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بـــە شـــێوەیەکی هەڕەمەکـــی مەبەســـتدار هەڵبژێردراوە، ئەمـەش لەبەرئـەوەی دەبوو نموونـەی توێژینەوەکە هـەموو ئافرەت بن و منداڵیان لەبارچووبێت یان منداڵیان لەباری خۆیان بردبێت. بەمەش نموونەی توێژینەوەکە لـە (٧٠) ئـافرەت پێکهـاتووە بـەجۆرێک (٤٠) ئافرەتیـان منـداڵیان لـەبارچووە و (٣٠) ئافرەتیـان منـداڵیان لـەبارخۆیان بردووە.

**چوارەم: ئامرازی توێژینەوەکە:**

ئامرازی کۆکردنـەوەی زانیـاری لەم تـوێژینەوەیەدا بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی کە لە پێوەرێک پێکهاتووە کە لەلایـەن توێژەرانـەوە بە پشتبەستن بە ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەکانی پێشـووتر ئامـادەکراوە. پێوەرەکـەش تایبەتـە بە پێـــوانی خەمـــۆکی لە لای ئـــافرەت لە دوای لە بـــارچوون یـــاخود لەبـاربردنی منـداڵ، کە بەشـێوە سـەرەتاییەکەی لە (٨٩) بـڕگە پێکهـاتووە. توێژەران بۆ دیاریکردنی وەڵامی بڕگـەکان پشتیان بە ڕێگـەی (لیگرت)ی (٥) پێنج وەڵامی 5 – Point Scale بەستووە.

**ڕاستییەتی و جێگیری (Validity & Reliability):**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستییەتی پێوەرەکە، تـوێژەران سـوودیان لە ڕاسـتییەتی ڕووکەش یـاخود ڕاسـتییەتی شـارەزایان بینیـوە، ئـەویش بـە پێـــدانی پێوەرەکـــە بـــە (٨) پســـپۆڕ و شـــارەزای بـــوارە دەروونـــی و کۆمەڵایەتییـەکان لـە نازنـاوی زانسـتی بـەرز. ئـەنجامی ڕای شـارەزایان بـە تەواوی لە خشتەی ژمارە (١) دا خراوەتەڕوو. کە تێیدا تـەواوی بڕگـەکانی پێوەرەکـــە مانـــەوە و تـــەنها چەنـــد بڕگەیـــەکیان ڕێککـــاری و دووبـــارە دارِشـــتنەوەیان پێویســـت بـــوو. بـــەجۆرێک ڕێـــژەی ڕاســـتگۆیی پێوەرەکـــە

(%٨٩.٥) بـوو کە ئەمەش بە ئاسـتێکی زۆر بەرز لە ڕاسـتییەتی هەژمـار دەکرێت.

خشتەی (1)

ڕاستگۆیی ڕووکەشی پێوەرەکە ڕووندەکاتەوە

| ناوی پێوەر | ژمارەی برگەکان | شارەزایانی رازی | | شارەزایانی نارازی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| پێوەری خەمۆکی | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 8، 9، 10، 12، 13، 14، 15، 16، 17، 18، 19، 20، 21، 22، 23، 24، 25، 27، 28، 30، 31، 32، 33، 35، 36، 37، 38، 39، 40، 41، 42، 43، 44، 45، 46، 47، 48، 50، 52، 53، 54، 55، 56، 57، 58، 59، 60، 61، 62، 64، 65، 66، 67، 68، 69، 70، 71، 73، 74، 75، 76، 77، 79، 80، 81، 82، 83، 84، 85، 86، 87، 88، 89 | 8 | %100 | 0 | %0 |
| | 7، 11، 26، 29، 34، 49، 51، 63، 72، 78. | 7 | %85.5 | 1 | %12.5 |

هەروەهـا بە مەبەسـتی دەرهێنـانی جێگیـری پێوەرەکـە تـوێژەران سـوودیان لە دوو ڕێگـە و شـێوازی دەرهێنـانی جێگیـری وەرگـرت کـە ئـەوانیش ڕێگـای (دووبـارە تاقیکردنـەوە) و (ئەلفـا کرۆنبـاخ) بـوون. بـە مەبەسـتی دەرهێنـانی جێگیـری پێوەرەکـە بـە ڕێگـا و شـێوازی یەکـەم، توێژەران پێوەرەکەیان لەسـەر (٣٠) ئافرەت لەوانـەی منداڵیان لـەبارچووە یـان منـداڵیان لـەبارخۆیان بـردووە جێبـەجێکرد، بـە جۆرێـک کـە لـە (١٥) ئافرەتی منداڵ لەبارچوو و (١٥) ئافرەتی منداڵ لەباربردوو پێکهاتووە و لە دەرەوەی نموونـەی توێژینەوەکـە هـەڵبژێردراون. پـاش تێپـەڕبوونی دوو هەفتە (١٤) ڕۆژ بەسەر جێبەجێکردنی یەکەمدا، توێژەران پێوەرەکەیان بۆ جاری دووەم و لەسەر هەمان نموونەی یەکەم جێبەجێکردەوە. پاشان بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسـۆن لـەنێوان جێبەجێکردنی یەکـەم و دووەمدا ڕێژەی جێگیرییەکە (٠.٩١) دەرچوو.

هــەر بــۆ دڵنیــابوونی زیــاتر لــە جێگیــری پێوەرەکــە و بە مەبەســتی تێگەیشــتن لە گونجــانی نێوخــۆیی بڕگــەکان تــوێژەران هەستان بە دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگا و شێوازێکی تر کە ئەویش (ئەلفا کرۆنباخ) بوو لەسەر هەمان نموونەی ڕێگا و شێوازی پێشوو، ڕێژەی جێگیـری بـەم ڕێگەیـەش (٠.٨٨) دەرچـوو. بەمـەش تـوێژەران گەیشــتنە ئــەو دەرئەنجامــەی کــە گونجــانی نێوخــۆیی پێوەرەکــە لە ئاستێکی باشدایە و پێوەرەکە ئامادە و شیاوە بۆ جێبەجێکردن.

دوای دڵنیابوون لە ڕاستێتی و جێگیری پێوەرەکە، توێژەران هەستان بـە جێبەجێکردنـی پێوەرەکـە لەسـەر نموونـەی توێژینەوەکـە و سـەرجەم بەشــداربووان ســەرەتا باســی توێژینەوەکەیــان بــۆکراوە و فــۆرمی ڕەزامەندیان پڕکردۆتەوە کە ماف و ناویان پارێزراو دەبێت و سەرجەم داتا و زانیارییەکان تەنها بۆ مەبەستی زانستی بەکاردەهێندرێت و یەکێک لە ئەنجامدەرانی توێژینەوەکە لەگەڵ یەک بە یەکی ئافرەتەکان دانیشتووە، پێوەرەکە و مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەی بۆیان شیکردۆتەوە.

**پێنجەم: کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:**

کەرەسـتەی ئامـاریی سـەرەکی ئـەم تـوێژینەوەیە بـۆ چارەسـەرکردنی ئەنجامــەکان بــریتیین لــە: (ڕێــژەی ســەددی، ناوەنــدی ژمێرەیــی، لادانــی پێوەری، ناوەندی گریمانەیی، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، هاوکێشـەی ئــەلفا کرۆنبــاخ، تاقیکردنــەوەی تــائی (t-test) بــۆ یــەک نموونــە، تاقیکردنـەوەی تـائی (t-test) بـۆ دوو نموونـەی سـەربەخۆ و شـیکرنەوەی جیاوازییـەکان (One way ANOVA). هەروەک تـوێژەران سـوودیان لە بەرنـامەی هەگبـەی ئامـاری بـۆ زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکانی ناسـراو بـە (SPSS) وەرگرتووە

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی خەمۆکی لای ئافرەتانی منداڵ لەبارچوو و لەباربردوو بەشێوەیەکی گشتی:**

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای ئافرەتانی منداڵ لەبارچوو و لەباربردوو بەشێوەیەکی گشتی توێژەران سوودیان لە تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نموونە (one-sample t-test) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت کە بەهای تائی (t) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای تائی (t) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٦٩) و ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (٢٩٠.٨١٤) توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی (٢٦٧)، بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی توێژینەوەکە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی بەو ئەنجامە دەگەین کە بەشدارانی نموونەکە هەست بە بوونی خەمۆکی دەکەن و دەتوانین بڵێین کە ئەم جۆرە لە هەستکردن بە خەمۆکی لە ئاستێکی بەهێزدایە و بەشێوەیەکی بەهێز هەستی پێدەکرێت بە بەراوردکردنی جیاوازی ناوەندەکان لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی کە بڕەکەی دەکاتە (٢٣.٨١٤).

خشتەی (2)

تاقیکردنەوەی تائی (t) یەك نموونەیی بۆ پێوەری خەمۆکی بە شێوەیەکی گشتی ڕووندەکاتەوە

| پێوەر | نموونەی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| خەمۆکی | 70 | 290.81 | 267 | 23.814 | 74.86 | 2.64 | 2.00 | بەڵگەدارە |

## ئامـــانجی دووەم: بـــەراوردکردنی ئاســـتی خـــەمۆکی لای نموونـــەی توێژینەوەکە لە نێوان لەبارچوون و لەباربردندا.

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بـــەپێی حاڵـــەتی (لـــەبارچوون ، لـــەباربردن)، تـــوێژەران ســـوودیان لە تـــاقیکردنەوەی تـــائی بـــۆ دوو نموونـــەی ســـەربەخۆ (-independent sample t-test) وەرگرت هـەروەک لە خشـتەی ژمـارە (3) دەردەکەوێت کـە بەهـای تـائی (t) ژمێردراو گەورەترە لە بەهـای تـائی (t) خشـتەیی، بە نمـرەی ئـازادی (٦٨) و ئاسـتی بەڵگـەداری (0.05)، بـۆیە جیـاوازییەکی بەڵـگەدار هەیە لە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـی ئـەو ئافرەتانـەی منـداڵیان لەبارچووە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٣٢٨.٧٢) و لادانی پیوەری (٥٧.٨٢) لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەباربردووە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٢٣٨.٥١) و لادانـی پیـوەری (٦٣.٧٩). بەسـەرنجدان لەوەی کە ناوەنـدی ژمێرەیـی ئـەو ئافرەتانـەی منـداڵیان لـەبارچووە گـەورەترە لـە ناوەنـدی ژمێرەیی ئـەو ئافرەتانەی منداڵیان لـەباربردووە بەو ئەنجـامە دەگەیـن کە ئـەو ئافرەتانـەی منـداڵیان لـەبارچووە زیـاتر هەسـت بە بـوونی خـەمۆکی دەکەن بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانـەی کـە منداڵیان لـەباربردووە بـە بـەراوردکردنی جیـاوازی ناوەنـدەکان لـــە نێـوان ناوەنـدی ژمێرەیـــی (لەبارچوون) و (لەباربردن)دا کە بڕەکەی دەکاتە (٩٠.٢١).

**خشتەی (3)**

**تاقیکردنەوەی تائی (t) دوو نموونەیی بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی حاڵەتی (لەبارچوون، لەباربردن) ڕووندەکاتەوە**

| پێوەر | حاڵەتی لەبارچوون | نموونەی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| خەمۆکی | لەبارچوون | 40 | 328.72 | 90.21 | 57.82 | 6.12 | 2.00 | بەڵگەدارە |
| | لەباربردن | 30 | 238.51 | | 63.79 | | | |

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی تەمەن (١٨–٣٠ ، ٣٠ بەسەرەوە):**

بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن (١٨–٣٠ ، ٣٠ بەسەرەوە)، توێژەران سوودیان لە تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (independent-sample t-test) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت کە بەهای تائی (t) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای تائی (t) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٦٨) و ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠)ساڵدایە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٢٥٤.٩١) و لادانی پیوەری (٦٧.٤٣) لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە بە بڕی ناوەندی ژمێرەیی (٣٢٥.٦٨) و لادانی پیوەری (٦٥.٢٤). بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠)ساڵدایە بچووکترە لە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە، بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەو ئافرەتانەی  تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە زیاتر هەست بە بوونی خەمۆکی دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨–٣٠)ساڵدایە بە بەراوردکردنی جیاوازی ناوەندەکان لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (١٨–٣٠)ساڵ و (٣٠) ساڵ بەسەرەوە کە بڕەکەی دەکاتە (٧٠.٧٧).

خشتەی (4)

تاقیکردنەوەی تائی (t) دوو نموونەیی بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی گۆڕاوی تەمەن ڕووندەکاتەوە

| پێوەر | تەمەن | نموونەی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| خەمۆکی | 18- 30 | 35 | 254.91 | 70.77 | 67.43 | 4.43 | 2.00 | بەڵگەدارە |
| | 30 بەسەرەوە | 35 | 325.68 | | 65.24 | | | |

## ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی مێژووی لەبارچوون (ساڵێک و کەمتر، دوو ساڵ، سێ ساڵ و زیاتر):

به مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی مێژووی لەبارچوون (ساڵێک و کەمتر، دوو ساڵ، سێ ساڵ و زیاتر) توێژەران سوودیان له شیکرنەوەی جیاوازییەکان ( factor analyses) وەرگرت هەروەک له خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت کە بەهای فائی (f) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای فائی (f) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٢) لە نێوان گروپەکان و (٦٧) لە ناو گروپەکان (٦٩) بۆ کۆی گشتی، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارچووە یاخود لەباربردووە بە پێی مێژووی لەبارچوونەکەیان بەجۆرێک لای ئەو بەشدارانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (ساڵێک و کەمتر) دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان (٢٤) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (337.6957) بە لادانی پیوەری (50.32479)، لای ئەو بەشدارانەی مێژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان (٢٦) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (303.6154) بە لادانی پیوەری (63.68238)، لای ئەو بەشدارانەی مێژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (سێ ساڵ و زیاتر) دەگەڕێتەوە کە ژمارەیان (٢٠) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (220.2500) بە لادانی پیوەری (60.54739). لە

کاتێکدا بڕی ناوەندی ژمێرەی بۆ کۆی بەشداربووان کە ژمارەیان (٧٠) ئافرەتە بریتییە لە (290.8116) بە لادانی پێوەری (74.86798).

بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (ساڵێک و کەمتر) دەگەڕێتەوە گەورەترە لە هەردوو ناوەندە ژمێرەییەکەی تر، کەواتە هەستکردن بە خەمۆکیان زیاترە لەو ئافرەتانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) یان (سێ ساڵ و زیاتر) دەگەڕێتەوە. واتە بەپێی ناوەندە ژمێرەییەکان تا مێژووی لەبارچوونەکە زووتر بێت لەبەرامبەردا ئاستی خەمۆکی زیاتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (5)

تاقیکردنەوەی فائی (f) بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی مێژووی لەبارچوون ڕووندەکاتەوە

| پێوەر | مێژووی لەبارچوون | نموونەی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| خەمۆکی | ساڵێک و کەمتر | 24 | 337.6957 | 50.32479 |
| | دوو ساڵ | 26 | 303.6154 | 63.68238 |
| | سێ ساڵ و زیاتر | 20 | 220.2500 | 60.54739 |
| | کۆی گشتی | 70 | 290.8116 | 74.86798 |

| ناونیشان | Sum of Squares | نمرەی ئازادی | Mean Square | F | Sig. (2-tailed) | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گرووپەکان | 154397.777 | 2 | 77198.889 | 22.470 | 0.00 | بەڵگەدارە |
| لە ناو گرووپەکان | 226756.773 | 67 | 3435.709 | | | |
| کۆی گشتی | 381154.551 | 69 | | | | |

**ئامانجی پێنجەم: زانینی ئاستی خەمۆکی بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا):**

به مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی لای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا) توێژەران سوودیان لە شیکرنەوەی جیاوازییەکان (factor analyses) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت کە بەهای فائی (f) ژمێردراو گەورەترە لە بەهای فائی (f) خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (٣) لە نێوان گروپەکان و (٦٦) لە ناو گروپەکان (٦٩) بۆ کۆی گشتی، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارچووە یاخود لەباربردووە بە پێی ئاستی خوێندەوارییان بەجۆرێک لای ئەو بەشدارانەی نەخوێندەوارن کە ژمارەیان (٢٨) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (330.7037) بە لادانی پیوەری (61.37013)، لای بەشدارانەی ئاستی بنەڕەتی کە ژمارەیان (١٦) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (277.1250) بە لادانی پیوەری (78.09385)، لای بەشدارانی ئاستی ئامادەیی کە ژمارەیان (١٩) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (259.6842) بە لادانی پیوەری (60.54739)، لای بەشدارانی ئاستی خوێندنی باڵا کە ژمارەیان (٧) ئافرەتە بڕی ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (٢٠٩.٦٣٨٤) بە لادانی پیوەری (٥٩.٦٢٨٤٢). لە کاتێکدا بڕی ناوەندی ژمێرەی بۆ کۆی بەشداربووان کە ژمارەیان (٧٠) ئافرەتە بریتییە لە (252.7143) بە لادانی پێوەری (70.65341).

بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوارن گەورەترە لە سەرجەم ناوەندە ژمێرەییەکانی تر، کەواتە هەستکردن بە خەمۆکیان لە سەرجەم ئاستەکانی تر زیاترە. واتە بەپێی ناوەندە ژمێرەییەکان بەشدارانی نەخوێندەوار بە پلەی یەکەم، ئاستی بنەڕەتی بە پلەی دووەم، ئاستی ئامادەیی بە پلەی سێیەم و خوێندنی باڵا

بە پلەی کۆتایی دێت لە هەستکردنیان بە خەمۆکی. واتە تا ئاستی خوێندەواری بەرزتر بێت لە بەرامبەردا ئاستی خەمۆکی کەمتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (6)

تاقیکردنەوەی فائی (f) بۆ پێوەری خەمۆکی بە پێی ئاستی خوێندەواری ڕووندەکاتەوە

| پێوەر | ئاستی خوێندەواری | نموونەی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| خەمۆکی | نەخوێندەوار | 28 | 330.7037 | 61.37013 |
| | بنەڕەتی | 16 | 277.1250 | 78.09385 |
| | ئامادەیی | 19 | 259.6842 | 60.54739 |
| | خوێندنی باڵا | 7 | 209.6384 | 59.62842 |
| | کۆی گشتی | 70 | 252.7143 | 70.65341 |

| ناونیشان | Sum of Squares | نمرەی ئازادی | Mean Square | F | Sig. (2-tailed) | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گرووپەکان | 74533.637 | 3 | 24844.546 | 5.267 | 0.00 | بەڵگەدارە |
| لە ناو گروپەکان | 306620.913 | 66 | 4717.245 | | | |
| کۆی گشتی | 381154.551 | 69 | | | | |

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

به پشت بەستن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران گەیشتن بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە هەردوو حاڵەتی لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ هۆکارن بۆ دروستبوونی خەمۆکی لای ئافرەت، ئەمەش بێگومان لەگەڵ زانستی دروستی دەروونی و ئەنجامی توێژینەوە زانستییەکانی ئەم بوارەدا یەکدەگرێتەوە و توێژەرانیش ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە هەردوو حاڵەتەکە بارودۆخێکی دەروونی ناجێگیر بۆ خاوەنەکانیان دروست دەکەن و ئارامی و ئاسایشی دەروونی و

کۆمەڵایەتیان دەشێوێنن و هەستکردن بە تاوان و خۆبەکەمزانینان بۆ دروست دەکەن، کە بێگومان بەدوای خۆیدا تووشی نەگونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتیان دەکەن کە بە بناغەی سەرەکی دروستی دەروونی دادەنرێت.

٢. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی دووەمی ئەم توێژینەوەیە ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانە زیاترە کە منداڵیان لەبارچووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارخۆیان بردووە، ئەمەش لەڕوانگەی توێژەرانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئافرەتانەی منداڵیان لەبارچووە بەبێ ویستی خۆیان بووە و بەلایانەوە لەدەستدانی شتێکی گرنگە لە ژیانیاندا کە ڕەنگە جارێکی تر دەرفەتی وەچەخستنەوەیان بۆ نەڕەخسێتەوە. بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە بە ویستی خۆیان منداڵەکانیان لەباربردووە ئاستی خەمۆکیان نزمترە چونکە ئەو ئافرەتانە ڕەنگە بۆ خۆدەربازکردن لە کێشە و لەژێر کاریگەی فاکتەری ئابووری، کۆمەڵایەتی یان خێزانیدا بەو کارە هەستابن و بەمەش دەرئەنجامی نەرێنی کەمتر بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

٣. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ – ٣٠) ساڵدایە کەمترە لەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ بەسەرەوەیە، توێژەران ئەم ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕیننەوە کە ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لەخوار (٣٠) ساڵەوەیە هەست بەوە دەکەن کە تازە لە سەرەتای ژیاندان و دەرفەتی زیاتریان لەبەردەمدایە و هیوای زیاتریان بەوە هەیە کە بتوانن قەرەبووی ئەو حاڵەتە بکەنەوە.

٤. بەپێی ئەنجامەکانی ئامانجی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە ئاستی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی مێژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (ساڵێک

و کــەمتر) دەگەڕێتــەوە زیــاترە لــەو ئافرەتانــەی کــە میــژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) یان (سێ ساڵ و زیاتر) دەگەڕێتەوە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی میژووی لەبارچوونەکەیان بۆ (دوو ساڵ) دەگەڕێتەوە ئاستی خەمۆکیان زیاترە لەو ئافرەتانەی کە میژووی لەبارچوونەکـەیان بـۆ (سـێ سـاڵ و زیـاتر) دەگەڕێتـەوە. واتـە تـا مێژووی لەبارچوونەکە زووتر و نزیکتر بێت لەبەرامبەردا ئاستی خەمۆکی زیاتر دەبێت، پێچەوانەکەشی ڕاستە. توێژەران هۆکاری ئەم ئەنجامــە بــۆ ئــەوە دەگەڕێننــەوە کــە ئــەو ئافرەتانــەی مێــژووی لەبارچوون و لەباربردنەکەیان دوورترە تێپەڕبوونی کات وایکردووە کە حاڵەتەکە قەبوڵبکەن و تاڕادەیەکیش لەبیری بکەن. لە کاتێکدا ئەو ئافرەتانــەی مێــژووی ڕوودانــی حاڵەتەکــەیان نزیکــە وا دەکــات کــە کەســەکان بــەردەوام لــەناو حاڵەتەکــەدا بــژین و تووشــی هێدمــەی دەروونی بن و ئاستی خەمۆکیان زیاتر بێت.

٥. بــەپێی ئەنجامــەکانی ئامــانجی پێنجــەمی ئــەم توێژینەوەیــە ئاســتی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوارن بەرزترە لە سەرجەم ئاستەکانی تر. بەجۆرێک کە ئەو ئافرەتانەی نەخوێندەوارن بە پلەی یەکەم، ئاستی بنەڕەتی بە پلەی دووەم، ئاستی ئامادەیی بە پلەی سێیەم و ئاستی خوێندنی باڵا بە پلەی کۆتایی دێت لە هەستکردنیان بە خــەمۆکی. هۆکـاری ئــەمــەش بـە بۆچـوونی تـوێژەران بـۆ ئـەوە دەگەڕێتــەوە کــە ئــەو ئافرەتانــەی نەخوێنــدەوارن یــاخود ئاســتی خوێنـدەوارییان نزمتـرە ئـەزموون و هۆشـیاری و زانیاریـان کـەمترە لەســـەر حاڵەتەکـــە و نـــاتوانن وەڵامێکـــی زانســـتی و لـــۆژیکی و دڵنیاکەرەوە بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بۆیەش تا ئاستی خوێندنیان نزمتر بێــت هەســـتکردن بــە خــەمۆکی لــە بەرامبــەدا زیــاتر دەبێــت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

## ڕاسپاردەکان:

لە ڕوانگەی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەک دەخەنەڕوو:

١. پێویستە وەزارەتی تەندروستی سەرژمێری و داتا و ڕێژە و ژمارەی حاڵەتەکانی لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ ئەنجام بدات. لەبەر نەبوونی داتای دروست، و کردنەوەی خولی هۆشیاری و ڕێنمایی و چارەسەرکاری پەیوەست بە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی.

٢. هۆشیارکردنەوەی ئەو کەسانەی لە چواردەوری ئەو ئافرەتانەن کە منداڵیان لەباردەچێت یان لەباری خۆیانی دەبەن بە گرنگیدان و جوان مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و دوورکەوتنەوە لە بەبیرهێنانەوەی حاڵەتەکەیان بە تایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕوودانی حاڵەتەکاندا.

٣. سوودوەرگرتن لە ئەزموونی پسپۆڕانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دامەزراندنیان لە تەواوی دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە خەمۆکی و کەمکردنەوەی دەرئەنجامە نەرێنییەکانی.

## پێشنیازەکان:

لە ڕوانگەی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە، توێژەران چەند پێشنیازێک بە مەبەستی گرنگیدان و فراوانکردنی توێژینەوە لەم بوارەدا لە داهاتوودا دەخەنەڕوو، لەوانەش:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی خەمۆکی لای نموونەی جیاوازتر لە نموونەی ئەم توێژینەوەیە, وەک خەمۆکی لە کاتی دووگیانی و دوای لەدایک بوونی منداڵ.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر کاریگەریی بەرنامەی چارەسەری بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی خەمۆکی لای ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان لەبارچووە یان منداڵیان لەبارخۆیان بردووە.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کاریگەریی لەبارچوون و لەباربردنی منداڵ و پەیوەندی بە گۆڕاوی تری وەک (پەیوەستبوونی ئایینی، ڕازیبوون لە ژیان، واتای ژیان، بیرکردنەوەی ئەرێنی و نەرێنی، وێنای خود، ڕێزگرتن لەخود، گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی).

## سەرچاوەکان:

### توێژینەوەکان:


- Bandura, A., (1977). Self-efficacy: Toward a unifying theory of behavioral change. Psychological Review, 84(2):PP.191-215.

- Bologna, Estefany. (2012). Effects of abortion on college women's mental health. (2012). HIM 1990-2015. P.1386.

- Broen A. N., Moum, T., Bodtker, A. S., Ekeberg, O. The course of mental health after miscarriage and induced abortion: a longitudinal, five-year follow-up study. BMC Medicine 2005; 3: 18.

- Coleman, P. K. Abortion and mental health: quantitative synthesis and analysis of research published, 1995−2009. Br J Psychiatry. 2011 Sep; 199(3). PP.180–186.

- Cougle, J. R., Reardon, D.C., Coleman, P. K. Depression associated with abortion and childbirth: a long-term analysis of the NLSY cohort. Med Sci Monit. 2003 Apr; 9(4):PP.CR105–CR112.
- Fergusson, D. M., Horwood, L. J., & Ridder, M. E. Abortion in young women and subsequent mental health, Journal of Child Psychology and Psychiatry 47:1 (2006), pp 16–24.
- Fergusson, D. M., Horwood. L. J., & Boden, J. M. Abortion and mental health disorders: evidence from a 30-year longitudinal study, Br J Psychiatry. 2008 Dec; 193(6):444-51.
- Fergusson, D. M., Horwood, L. J., & Boden, J. M. Does abortion reduce the mental health risks of unwanted or unintended pregnancy? A re-appraisal of the evidence. Aust N Z J Psychiatry. 2013 Sep; 47(9):PP.819-827.
- Fisher, J., Cabral de Mello, M., & Izutsu, T. (2009). Mental health aspects of pregnancy, childbirth, and the postpartum period. In P. S. Chandra, H. Herrman, J. Fisher, M. Gissler M., Hemminki E. &Lonnqvist J. (1996). Suicide after pregnancy in Finland 1987-1994: Register linkage study. British Medical Journal, 313, 1431-1434.
- Gissler, M., Hemminki, E., & Lönnqvist, J. Suicide after pregnancy in Finland 1987-1994: Register linkage study. British Medical Journal, 1996; 313(7070):1431-1434.
- Ibrahim, A. Abdelazim, Mohannad AbuFaza, Prashant Purohit, Rania H. Farag. Miscarriage Definitions, Causes and Management: Review of Literature. ARC Journal of Gynecology and Obstetrics. Volume 2, Issue 3, 2017, PP 20-31. ISSN 2456-0561. www.arcjournals.org.

- Major, B., Cozzarelli, C., Cooper, M.L., Zubek, J., Richards, C., Wilhite, M. and Gramzow, R.H., 2000.Psychological responses of women after first-trimester abortion. Archives of general psychiatry, 57(8), pp.777-784.

- Ney, P. G., Fung, T., Wickett, A. R., Beaman-Dodd, C. The effects of pregnancy loss on women's health. Soc Sci Med. 1994 May; 38(9): 1193-200.

- Pedersen, W. Abortion and depression: a population-based longitudinal study of young women. Scandinavian journal of public health. 2008, 36(4), pp.424-428.

- Reardon, D. C, & Cougle, J. R. Depression and unintended pregnancy in the National Longitudinal Survey of Youth: a cohort study. BMJ. 2002 June 19; 324 (7330): 151–152.

- Rebecca B. Reingold & Lawrence O. Gostin, Banning Abortion in Cases of Down syndrome: Important Lessons for Advances in Genetic Diagnosis, 319 JAMA 2375-2376 (2018).

- Rees D. I, & Sabia J. J. The relationship between abortion and depression: new evidence from the fragile families and child wellbeing study. Med Sci Monit. 2007 Oct; 13(10):PP.CR430–CR436.

- Schmiege S, Russo NF: Depression and unwanted first pregnancy: longitudinal cohort study. BMJ 2005; 331, no. 7528:1303-7.

- Warren, J.T., Harvey, S.M. and Henderson, J.T. Do depression and low self-esteem follow abortion among adolescents? Evidence from a national study. Perspectives on Sexual and Reproductive Health. 2010 Des, 42(4), pp.230-235.

**سایتەکانی ئەنتەرنێت:**


- Pregnancy and Miscarriage:
- https://www.webmd.com/baby/guide/pregnancy-miscarriage#
- Abortion: http://www.bbc.co.uk/ethics/abortion/
- Causes of Abortion in First Trimester of Pregnancy:
- https://www.thisdaylive.com/index.php/2017/11/11/causes-of-abortion-in-first-trimester-of-pregnancy/
- Here are the Real Reasons Women Have Abortions:
- https://savethestorks.com/2017/05/real-reasons-women-abortions/
- الإجهاض قد يصيب النساء باضطراب ما بعد الصدمة
- http://www.bbc.com/arabic/science-and-tech-37856236
- الاكتئاب ما بعد الإجهاض : كم من الوقت يستمر؟
- https://baby.webteb.com/articles/ _14088

**ملخص :**

هذا البحث يحاول دراسة الإكتئاب لدى النساء الحوامل اللواتي تعرضن للإجهاض أو اللواتي أجهضن أطفالهن قصدا. وقد قام الباحثون في هذا البحث بدراسة ومناقشة مستوى الإكتئاب ونتائجها السلبية وعلاقتها ببعض المتغيرات الأخرى لدى عينة البحث. وتتكون عينة البحث من النساء في محافظة أربيل – كوردستان من اللواتي تعرضن للإجهاض أو اللواتي أجهضن قصدا أطفالهن. وقد قام الباحثون بإعداد مقياس خاص بالإكتئاب وملائمته مع البيئة النفسية والإجتماعية الكوردية، إضافة إلى إستخراج الخصائص السيكومترية الخاصة بالمقياس العلمي. ولمعالجة نتائج البحث قام الباحثون بإستخدام الحقيبة الإحصائية للعلوم الإجتماعية (SPSS). وقد أظهرت نتائج البحث ما يلي:

- كل من حالات الإجهاض أو الإجهاض القصدي للأطفال سبب حالة الإكتئاب لدى عينة البحث.
- مستوى الإكتئاب لدى النساء اللواتي تعرضن للإجهاض أعلى مقارنة بالنساء اللواتي أجهضن أطفالهن قصدا.
- مستوى الإكتئاب لدى النساء اللواتي تتراوح أعمارهن بين (١٨ – ٣٠) أقل من النساء اللواتي تتراوح أعمارهن (٣٠) فما فوق.
- كلما كان تأريخ حالات الإجهاض أو الإجهاض القصدي حديثا كلما كان مستوى الإكتئاب أكثر، والعكس صحيح.
- مستوى الإكتئاب لدى النساء الغير المتعلمات أعلى من الأخريات. بمعنى أن النساء الغير المتعلمات أخذن المرتبة الأولى، أما النساء الحاصلات على الشهادة الإبتدائية أخذن المرتبة الثانية، والنساء الحاصلات على مستوى التعليم الإعدادي أخذن المرتبة الثالثة، أما النساء الحاصلات على مستوى التعليم العالي أخذن المرتبة الأخيرة في شعورهن بالإكتئاب.

وعلى وفق ما توصل إليه هذا البحث من نتائج قدمت مجموعة من التوصيات والمقترحات.

**كلمات مفتاحية:** الإكتئاب، الإجهاض، الإجهاض القصدي.

**Abstract:**

The present study addressed problems concerning depression among women who have experienced either a miscarriage or induced abortion. In the current research researchers aimed to identify the level of depression among participants and discuss its negative consequences in relation with some other variables. The researchers employed descriptive quantitative research method to conduct this study. And regarding sampling, data based on purposive sampling method collected among (70) women who have experienced abortion and miscarriage in Kurdistan. To measure depression, researchers based on psychometric properties developed a new self-report which adapted with Kurdish culture. To analysis data, both t. test and ANOVA carried out by means of SPSS software computer program. Finally, results concluded that:

- Both a miscarriage and induced abortion lead to depression.
- The level of depression was higher among women who had miscarriage versus women who had induced abortion.
- The level of depression among (18-30) years old was lower than the level of depression women who their age (30) or above.
- The closer to the incident is more likely to suffer from depression and conversely.
- The illiterate participants experienced a higher level of depression compared with literate women participants.

Based on the above findings some implications have been recommended.

**Keywords:** depression, miscarriage, abortion.